# مۆرفێمە سنتاكسییەكان

# لە ڕستەی نادەدا

د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی - د. بەكر عومەر عەلی / كۆلیژی زمان / زانكۆی سلێمانی

**پێشەكی:**

ژمارەی ئەو كارانەی سەبارەت بە ئاستی ڕستەسازیو مۆرفێمەكانی(١) لێكدان ئەنجامدراون كەم نین و نووسەرو زمانەوانە كوردەكان لەم بوارەدا درێغیان نەكردووەو كۆمەڵێ توێژینەوەی زانستیو كتێبو وتاریان دەربارەی ڕستەكانی زمانی كوردیو مۆرفێمەكانی لێكدان نووسیوە. هەندێ لەو باسانەی دەربارەی ڕۆنانی ڕستەكانو هەندێكی تریان دەربارەی لایەنی واتایی ڕستەكانەو هەندیچكی تریشیان تایبەتتین بە ئامرازەكانی لێكدان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو كارانەشدا، هێشتا لە هیچ كارێكدا (٢) ئەژمارێكی تەواوی ئەو مۆرفێمانە نەكراوەو هەورەها ڕێكەوتنێكی تەواو سەبارەت بەو مۆرفێمانە بەرچاو ناكەوێ.

ئەم كارەی ئێمەش لەم بازنەیەدا كار دەكاتو هەوڵێكە بۆ دیاریكردنی یەكەیەكی ئەو مۆرفێمانەو پۆلێنكردنیان، بەپێی هاتنیان لە ڕستەی لێكدراووو ئاڵۆزدا.

سەرەتا:

سنتاكس بایەخێكی گەورەی هەیە لە زمانداو جێگایەكی هەرە گرنگی گرتووەو، بەجۆرێك كە بەبیروڕای زانایەكی وەك چۆمسكی: "دڵ، جێگایەكی چەندە گرنگی گرتووە لەلەشی مرۆڤدا، سینتاكس هەمان شوێنی هەیە لە زماندا...."٣

هەر لەم بارەیەوە پێناسەی ڕێزمانی زمان وا دەكات كە "بریتییە لە ئامێرێك یان هۆكاریچك بۆ بەرهەمهێنانی، گشت ڕستە ڕاستو ڕەوانەكانی لە زمانێكی دیاریكراودا...."٤

لەزانستی زماندا، زمان دیاردەیەكی تەواوە، بەواتای ئەوەی هیچ زمانێك لە ئاستی سینتاكسدا كەمو كورتی نییە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جارێكی تر گرنگی ئاستەكەمان بۆ دەردەخات.

ئەوەشمان لێ ئاشكرایە كە لەلیچكدانی ڕستەكانی زماندا زۆربەی كات پێویستمان بە ئامراز هەیەو لێرەوە گرنگی ئەو مۆرفێمانەش بە ڕوونی دەردەكەوێت.

ئەم كارەش تەرخانكراوە بۆ دیاریككردنی ئەو مۆرفێمانەو دەبێتە هەوڵێك لە پاڵ هەوڵەكانی تردا.

**گرنگی باسەکە:**

١- تا ئێستا ئەژمارێکی تەواوی ئەو ئامرازانە (مۆرفێمانە) نەکراوەو دەستنیشانەکراون.

٢- زمانەوان و نووسەرانی کورد لەسەر ژمارەیەك لەو ئامرازانە بیروڕای جیاوازیان هەیەو رێکنەکەتوون.

گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی سەرجەمی ئەو ئامرازانە.

**سنووری باسەکە:**

سنووری باسەکەمان لەئاستی رستەسازیدایەو دیالێکتی کرمانجی خواروو، کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەمانە.

**مۆرفێمەکانی لێکدان:**

لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا،

"زمان وەك دیاردەیەکی یاسا جڵەوگیر پەسن و پێناسەکراوە. یاساکان بەویستی خۆمان دانەنراون و داتاشراوی زمانەوانەکان نین، یاساکان لە کەرەستەو دیاردەکانی زمان هەڵگوێزراون و لەسەریان تاقیکراونەتەوە"[١]

ئاشکرایە کە زۆربەی زمانەکانمان لەسەر ژمارەیەك لەو ئامرازانە هەمان بیرولێکدانەوەیان هەیەو ئێمەش لەگەڵیاندا یەکدەگرنەوەو لێرەدا نموونە بۆ یەکەیەکی ئەو ئامرازانە دەهێنینەوەو دواتریش لەو ئاکرازانە دەدوێین کە بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەیان لەئارادایەو پاشان ئەو ئامرازانەی کە ناویان نەهاتووە دەبنە کەرەسەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**ئامرازی (و):**

- کۆترێك هات و نیشتەوە.

- دوێنێ تەلەفونم بۆ کردیت و ئەمڕۆیش.

**ئامرازی (یان):**

- ئەمڕۆ کتێبەکان دەهێنیت یان سبەینێ.

- گۆرانیمان بۆ دەڵێیت یان شیعرمان بۆ دەخوێنیتەوە.

**ئامرازی (بەڵام):**

- ئەو ئاشت دەبۆوە بەڵام تۆ رازی نەبوویت.

- نامەیەکم بۆ ناردیت بەڵام تۆ وەڵامت نەدامەوە.

**ئامرازی (ئنجا):**

- درەنگ داهات، ئنجا پەیدابوون.

- ئازاد رۆیشت ئنجا ئەو دەرکەوت.

**ئامرازی (ئەوسا)(١)**

– هەموو شتێ بڕایەوە، ئەوسا تۆ پەیدابووی.

–ئاواز هاتەوە ئەوسا من ڕۆیشتم

ئامرازی (یا ..... یا) ، (یان .... یان):

– یان بخوێنەرەوە یان ویچنە بکێشە.

–یا شیعر دەنوسێت یا چیرۆك.

ئامرازی (کەچی)(٢)

– تۆ خەریکی خوێندنەوە بوویت کەچی ئەو دەنگە دەنگی دەکرد.

–ئەو قسەی دەکرد کەچی ئەم لاسایی دەکردەوە.

ئامرازی (بەڵکو):

– نەك هەر ماندوو بووم بەڵکو سەریشم هاتەژان.

– خەوم نەدەهات بەڵکو هەندێ بێ تاقەت بووم

ئامرازی (بەشکو:

– سبەنێ سەرێ بدە، بەشکو بیانبینی.

–کتێبێکم بۆ ناردووە بەشکو سوودی لێ وەربگرێ.

ئامرازی (چونکە):

–قسەم لەگەڵ نەکرد چونکە میوانی لابوو.

– زۆر دڵم دایەوە، چونکە لەکاتی خۆیدا یارمەتی دابووم.

ئامرازی (تا):

تا ئێمە گەیشتین ئەوان ڕۆیشتبوون

– تا ئەو بەپێوە بوو، کەس دانەنیشت

ئامرازی (کە):

– ئێمە لەزانکۆ بووین کە بارانەکە دایکرد

– کە ئامادەبوویت، تەلەفونێکم بۆ بکە

ئامرازی (ئەگەر):

– ئەگەر بەو هیمەتەوە کارمان نەکردایە، ئیشکە بە ئەنجام نەدەگەیشت.

– من ناچم مەگەر تۆ بچی بەدوایدا.

– بێ دەنگ بن ئەگینا توڕە دەبم.

ئامرازی (لەبەر ئەوەی):

– لەبەر ئەوەی تەمەڵە، بەئێوە ناگاتەوە

– لەبەر ئەوەی پەیمانم داویتێ، دیارییەکت بۆ دەکڕم

ئامرازی (بۆ ئەوەی):

– بۆ ئەوەی لێمان توڕە نەبێت، چەپکێ گوڵم بۆ هێناویت
– وانەکانت ئامادە بکە بۆ ئەوەی دوانەکەویت.
ئامرازی (بۆیە):
– لەگەڵ یەکتردا ناکۆك بوون، بۆیە دژومنتان پێ خۆش بوو
– خۆتان باش ئامادە نەکردبوو، بۆیە دۆڕانتان.
ئامرازی (کە):
–ئەو کابرایەی کە تۆ باسی دەکەیت، من نایناسم
– ئەو رۆژەی کە تۆم بینی، دەچوم بۆ زانکۆ
ئامرازی (هەرچەندە):
–هەچەندە ناشیناسم بەلام لە مرۆڤێکی باش دەچێت
– سەرێکیان لێدەدەم، هەرچەندە ناساغیشم
ئامرازی (ئەگەرچی)()
–ئەگەرچی کارەباش بڕا، بەلام چیرۆکەکەم هەر خوێندەوە
–یارمەتی دەدەم، ئەگەرچی پێشنازانێ.
ئامرۆازەکانی (ئەوەندە، هێندە، بەڕادەیەك:
–ئەوەندەم لەگەڵ وت، سەرم هاتە ژان
–هێندەم بۆ دووبارەکرەوە، تامی تیا نەما.
– بەڕادەیەك لێم ئالۆز بووە، سەری لێ دەرناکەم
ئامرازەکانی (نەك، نەوەك، نەوەکو)(٢)
– پاڵتۆکەت لەبەر بەکە، نەوەك باران ببارێت
–ئێوارە زوو وەرەوە، نەوەکو میوانمان بێت
–ئاشتی بکەرەوە، نەك سەفەر بکات

ئەم ئامرازانەی ناویان هاتو نموونەمان بۆ زۆربەیان هێنایەوە، لەراستیدا زۆربەیان لە هەموو ئەو کارانەدا کە سەبارەت بە سینتاکسی کوردی ئەنجام دراون، باسیان هاتووەو وەکو ئامراز بۆ پێکەوە بەستنی رستەکان دیاریکراون. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە شتێك دەربارەی ئەو ئامرازانە بڵێین کە یان باسیان نەکراوە یان لەهەندێ لەو کارانەدا تەنیا ناویان هاتووەو ئیتر وەك پێویست بایەخیان پێ نەدراوە، یان بوونەتە مایەی لێکدانەوەی جیاواز لەلایەن نووسەرانەوە. ئەو ئامرازانەش بریتین لە:

– نە .... نە ، چ .... چ ، بەڵێ ، ئێستا، ش ، وە ، جگە ، نەو ، هەر، کەوا، باوەجوو، تومەز، ئیتر، وەکو، کەواتە، ئەڵێی، لەگەڵ، چۆن، کەی، با.

ئامرازی (نە.... نە)

ئەم ئامرازە لەلایەن کوردستان موکریانیو کۆڕی زانارییەوە (٢) وەك ئامراز مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو نمونەشیان بۆ هێناوەتەوە، بەلام بە بڕوای ئیبراهیم عەزیز (٣) (نە...نە) تەنیا نەفی

دەگەیەنیٚ و ئامرازی لێکدانی دوو رستە نییەو ئەو رۆڵە ناگێڕێ لەزمانی کوردیدا.

بەبڕوای ئێمەیش، (نە...نە) وەك ئامرازی (یا ... یا) لە بەستنی رستەکانی زماندا دەور دەبینێ، ئەمەش لەو نموونانەوە دەردەکەوێت کە لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەدا بەرچاو دەکەون:

- نەخۆی هات، نە نوێنەرێکیشی نارد

- نەخۆت هاتیت، نە ماڵەوەتان

ئاشکرایە کە لێرەدا (نە...نە) دوو دەوری بینیوە، واتە هەم نەفی گەیاندووەو هەم رستەکانیشی لێکداوە، ئەمەش لەزماندا ئاساییە واتە کەرەسەیەك دوو ئەرك یا زیاتر ببینێت، بۆ نموونە ئامرازی (کە) ، دەشێت (کات) بگەیەنێت، هەروەك چون، (نیازو مەبەستیش) دەگەیەنێت:

- هاتم کە تۆ ببینم

بۆ ئەوەی

- کە هاتیتەوە، سەمون لەگەڵ خۆت بهێنەرەوە

کە کاتێ

ئامرازی (چ....چ):

دیسانەوە ئەم ئامرازەش مایەی لێکدانەوەی جیاوازەو بەڕای هەندێك ئامرازەو بەڕای هەندێکی تر ئەو رۆڵە نابینێ، نموونەکانی ئێمەش کە هەڵهێنجراوی زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی ئەمڕۆمانن، ئەوەمان پێدەگەیەنن، کە ئەم کەرەسەیە (چ....چ)، ئامرازەو رستەکانی زمان پێکەوە دەلکێنێت:

- چ خۆت بچیت، چ ئازاد

- چ باران ببارێت، چ بەفر

-ئامرازی بەڵێ:

بەڕوای کوردستان موکرسانی ئەم کەرەسەیە، ئامرازەو دەوری بەستنی دوو رستە دەبینێت:

- جیهان جوان رازابۆوە، بەڵێ ببوو بە بووك(١)

لەم رستە لێکدراوەدا ئەوەی رۆڵی لێدانی بینیوە (کۆما)یە، (بەڵێ) ئامرازێك نییەو لەلێکدانی رستەکاندا هەرگیز بەشداری ناکاتت، چونکە لە شوێنی (بەڵێ) دەتوانین چەندان کەرەسەی تر دابنێین:

- جیهان جوان رازابۆوە، بەڵێ ببوو بە بووك

بەڕاستی بەجۆرێك بەشێوەیەك

-ئامرازی ئێستا:

ئیبراهیم عەزیز لەو بڕوایەدایە کە ئەم کەرەسەیە ، ئامرازەو دوو رستە پێکەوە گرێ دەدات، ئەگەرچی دان بەوەشدا دەنێت کە بەکارهێنانی کەمە، با هەر لە نمونەکەی خۆی بکۆڵینەوەو بیروڕای خۆشمان دەربخەین:

ئەم مام قیتەڵە لەسەرەتادا چند رقی لە منداڵ بوو، ئیچستا سەدو بگرە هەزار ئەوەندە خۆشی ئەوێ(١).

لەم نموونەیەدا (ئێستا) ئەو ئەرکەی نەبینیوە، بەڵکو ئامرازی (کەچی) ڕۆڵی بەستنەکەی گێڕاوە:

– ئەم مام قیتەڵە لەسەرەتدا چەند رقی لە منالْ بوو، کەچی ئێستا سەدو بگرە هەزار ئەوەندە خۆشی ئەوێ.

لێرەدا نەهاتنی ئامرازی (کەچی) بە دوو جۆر لێکدەدەینەوە:

١– زمان کەرەسەیەك فرێ نادات کە کار بکاتە سەر توانستی دەربڕینەکان، بەڵام بۆ ئاسانیو بۆ کەم سەرف کردنی وزە، دیاردەی لابردنو فرێدانی کەرەسە، بەفراوانی لە زماندا دەردەکەوێتو کارێکای ئاساییەو لەهەموو ئاستەکاندا روو دەدات.

لەو نموونەیەدا (کەچی) لابراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بوونی نەبێ، هەر لەم بارەیەوە نموونەی تریشمان زۆرە:

– باران ببارێت ئاشی ئەگەڕێ،

باران نەبارێت جووتی ئەگەڕێ.

لەراستیدا، لەم رستە ناسادەیەدا دوو (ئەگەر) لەسەرەتای هەر یەکێکیانەو هەیە، بەڵام لابراون:

– ئەگەر باران ببارێت ئاشتی ئەگرێو

–ئەگەر باران نەبارێت جووتی ئەگەڕێ.

٢– رێزمانی تەقلیدی :کلاسیکی)(١) لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا، پشتیان بە زمانی نووسین دەبەستو زمانی قسەکردنی رۆژانەی خەڵکییان، بەشێواوو لاواز دادەنا، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەیە، زانستی زمان بۆ لێکۆڵینەوە لەزمان، زمانی ئاخاوتنی رۆژانە پەسەند دەکات، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئیبراهیم عەزیز لەو نموونەیەدا بۆیە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە پشتی بە زمانی نووسین بەستووە، ئەگینا بۆچوونەکەی سەبارەت بەم ئامرازە دروستەو نموونەکانی او زمانیش ئەو راستیەیە دەردەخەنو (ئێستا) بەدشاری لێکدانی رستەکان دەکات. بەبڕوای ئێمەش وەك هەندێ دەربڕینی تر کە لەدواییدا لێیان دەدوێین (ئێستا) وەك ئامرازێك لەگرێدانی رستەکاندا کار دەکات، بۆ نموونە:

– ئێستا هاتیتەوە، کوێرا کردت بە هەرا

– ئێستا بڕانمانەوە، بۆ پەشێمان بوویتەوە.

– زۆر ماندوو بوو، ئێستا نووست.

ئامرازی (جگە):

کۆڕی زانیاری(١) بەدورو درێژی باسی ئەم ئامرازەیان کردووەو چەند ئەرکێکیان بۆ دەستنیشانکردووەو بەجۆرێك لە جۆرەکان وەك لێکدەری رستەکانیش دیارییانکردووە، بەڵام نموونەکان لەرستەی سادە نەترازاونو لەراستیشدا ئەم ئامرازە بەشداری پێکهاتنی رستەی ناسادە ناکات.

– بێجگە لەتۆ، کەسی تر نەهاتووە. سادە

– جگە لەمن، کێی تر دەناسی؟ سادە

ئامرازی (نەو):

کۆڕی زانیاری (٢) ئەم کەرەسەیە (نەو)ی بە ئامرازی لێکدانی رستەکان داناوەو چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە.

شایانی باسە کە جگە لە کۆڕو جگە لە (نوری علی امین) ، ئیتر لەهیچ توێژینەوەیەکی تردا، وەك ئامرازی بەستنی رستەکان ناوی نەبراوە.

لەراستیدا ئەم کەرەسەیە ، لەبەستنی رستەکانی زمانی کوردیدا کار ناکاتو جگە لە نەفی کردن، ئەرکێکی تر نابینێو هەر لەنموونەکانی کۆڕ خۆیدا ئاشکرا دیارە کە رۆڵی لێکدانی نەبییوە:

- با قادر بێت نەو با قادر نەیەت

- با قادر بڕوات نەو با ئەحمەد بڕوات

١- بەبڕوای ئێمە ئەوەی ئەرکی لێکدانی ئەم دوو رستەیەی بینیوە ئامرازی (با) یەو لەشوێنی خۆیدا باشتر ئەم ئەرکەی ڕووندەکەینەوە.٢- (نەو) تەنیا ناکردنی (نەفی) گەیاندووەو دەتوانین لەجێگەیدا چەندان دەربڕینی دی بەکاربهێنین:

- با قادر بڕات نەو با ئەحمەد بڕوات

ببورە نەخێر نەوەڵا

ئامرازی (وە):

ئیبراهیم عەزیز(١)، لەو کتێبەیدا کە تەرخان کردووە بۆ ئامرازەکانی لێکدان، ئەم کەرەسەیەی وەك ئامرازێك بۆ لێکدانی رستەکان دیاریکردووەو چەند نموونەیەکی لەزمانی نووسینەوە هێناوەتەوە.

٢- کۆڕی زانیاریش (٢)، بەپێچەوانەوە ئەم کەرەسەیەی وەك (واو العگف)ی عەرەبی لەقەڵەم داوەو، نەك هەر بە ئامرازی دانانێت، بەڵکو داواشی لە نووسەران کردووە، کە واز لە بەکارهێنانی بهێنن.

٣- بەبڕوای ئێمەیش، ناتوانین وەك ئامرازێك بۆ لێکدانی رستەکان دیاریبکەینو بەکارهێنانی هەڵەیەکی بڵاوەو لەراستیدا هەموو کاتێك دەتوانین لەجێگەیدا ئامرازی (و) بەکاربهێنین، چ لە زمانی ئاخاوتندا چ لە زمانی نووسیندا، ئێستا نموونەیەك لەو نموونانە وەردەگرین کە لە کتێبی (هەندێ ئامرازی سینتاکسی)دا وەك بەڵگە هێنراونەتەوە:

- ئەمە یەکەمین جار بوو، کە حاجی برایمم ئەدی، <u>وە</u> دواجار بوو.

و

- کابرا شێتۆکەیە، بەساویکەیی ئەم کرەدواتە ئەکاو هیچیشی لەبارا ذیە، <u>وە</u> ناتوانێ کار لە خەڵکی بکا.

و

ئامرازی (ش):

لەزۆر لەکارە کوردییەکاندا (ش) وەك ئامرازێك بۆ لێکدانی رستەکان دەسنیشانکراوە، هەر بۆ

نموونە:

ئیبراهیم عەزیز لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەم ئامرازە دەتوانێ بە تەواوی دوو رستە بەیەکەوە ببەستێتەوە"(١).

بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکەیشی چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە:

- من عەیشانم خۆش ئەوێ،

ئەویش منی خۆش ئەوێ

بەبڕوای ئێمە ئەو ئامرازەی ئەمموو رستەیەی پێکەوە گرێداوە، ئامرازی (و)اوەو ئامرازی (ش) تەنیا دووبارە بوونەوەی گەیاندووە:

من عەیشانم خۆش ئەوێو

ئەویش منی خۆش ئەوێ.

وەك پێشتر ئاماژەمانت بۆ کرد، هەندێ جار ئاساییە ئەگەر ئامرازەکەشمان فڕیدابێ. یان هەندێ جاری دی، بەتایبەتی لە نووسیندا (کۆما) بخرێتە جێگەی.

٢- کۆڕی زانیاریش (٢)، دوای ئەوەی ئاماژەی بۆ بیروڕای نووسەرانو ڕێزماننوسانی وەك (سەعید صدق کابان) و (نوری عەلی ئەمین)، کردووە، لای خۆیەوە ئەم کەرەسەیەی وەك ئامراز بۆ بەستنی رستەکان دیاریکردووە.

بەبڕوای ئێمەش (ش) ، ئامرازێك نییە بۆ لێکدانی رستەکان بەبەڵگەی ئەوەی هەموو کاتێك ئامرازێکی تری لەگەڵدایە کە ئەرکی بەستنەکەی گرتبێتە ئەستۆ، جا ئەو ئامرازە هاتبێت یان لابرابێ، نموونەکان کۆڕ خۆیان ئەم راستییە دەسەلمێنن.

- ئێمەش دەمرینو دەبینە خاکی سەرەڕێ

ئاشکرایە کە ئامرازی (و) رۆڵی بەستنەکەی گێڕاوە.

- یا نۆش وەرە یا منیش نایەم

لێرەشدا بە روونی دیارە کە ئامرازی (یا....یا) دەوری لێ:دانی رستەکانی بینیوە.

- ئەی "ئەسیری هێندە عەچقی میللەتی کوردت هەیە

بشمری لام وایە. قەبری گردی سەیوانت ئەوێ

بەبڕوای ئێمە لەم نموونەیەدا، (گەر، ئەگەر)، رستەکانی لەیەکداوە، بەڵام وەك پێشتر روونمان کردەوە لابراوە:

ئامرازی (هەر):

لەو ئامرازانەیە کە لەلایەن نووسەرانەوە باسکراوەو هەندێك وەك ئامراز ناسیویانەو هەندێکیش لە لێکدانی رستەکانی زمان دووریان خستۆتەوە. باسەیری هەندێ نموونە بکەین:

- منداڵەکان هاتن، هەر تۆ نەهاتیت.

- ئەوانی ترن نە ئەناسی، هەر ئازادم ئەناسی.

نموونەکان شایەتی ئەوە ئەدەن کە (هەر) رستەکانمان بۆ لەیدەدات، ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە.

کۆڕی زانیاری ئامرازێکی تری (هەرکە)، دیاریکدووەو نموونەیەشی بۆ هێناوەتەوە:

- هەر کە پەنجەرەکە کرایەوە، (با)یەکە وروژمی هێنا

هەندێ لە نووسەران وا بۆی دەچن کە تەنیا (کە) ئامرازەو (هەر) رۆڵی بەستنی نەبینیوە، بەڵام لەراستیدا لەبەر ئەوەی دەتوانین هەریەکەیان بە تەنیا و پێکەوە لەو رستانەدا بەکاربێنین، لەبەر ئەوە لێرەشدا (هەر) وەك ئامراز بەشداری لە بەستنی رستەکاندا کردووەو بەو پێیە دەتوانین ئامرازێکی تر دەسنیشانبکەین کە ئەویش (هەرکە)یە:

- کە پەنجەرەکە کرایەوە، بایەکە وروژمی هێنا لێرەدا (هەر) لابراوە

- هەر پەنجەرەکە کرایەوە، بایەکە وروژمی هێنا لێرەدا (کە) لابراوە

- هەرکە پەنجەرەکە کرایەوە، بایەکە وروژمی هێنا (هەرکە) رستەکانی لێکداوە.

ئامرازی (وەك، وەکو): نموونەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی ئەوەی پێشان دەدەن ك (وەك، وەکو) ئەرکی گرێدانی رستەکانی دەبینن. پێش ئەم کارەش لەلای هەندێ نووسەرانی تریش (١) هەر بەم شێوە باسی لێوە کراوە:

لەراستیدا ئاخاوتنی رۆژانەمان ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کە ئەم کەرەسەیە ئامرازێکی چالاکەو بەفراوانیش بەکاردێ و رستەکانمان بۆ لەیەکدەدات:

- دیارییەکی بۆ بەرن با گلەیی نەکات.

- زۆر مەخۆن با خەوی ناخۆش نەبینن.

- کتێبەکەم بۆ هێناوە، با بیدەمێ.

- با بڕۆین، مناڵەکان خەویان دێت.

ئامرازی (باوەجو):

لەراستیدا ئەم ئامرازە ئەگەرچی بەکارهێنانی کەم بۆتەوە، بەڵام تائێستاش لەشێوە زاری سلێمانیدا بەکارهێنانی هەیە:

- نازدارم بۆ بانگ بکە، باوەجو لەماڵ نییە.

- ئەو بۆیلەرە داگیرسێنە، باوەجو شکاوە

لێرەدا ئەمانەوێ ئەوە بەبیر بهێنیەوە کە ئەگە بێت و ئەم ئامرازە لەو جێگەیەدا بەکار نەیەت ئەبێ لەشوێنیدا دەربڕینێك بەکاربهێنین.

ئامرازی (تومەز):

ئەم ئامرازەش تەنیا لە هەندێ لەو کارانەدا کە سەرەتان لەرێزمانی کوردیدا، ناوی هاتووە، ئەگینا ئیتر وەك ئامرازێك نەناسراوەو رۆڵی لەپێکەوە بەستنی رستەکاندا دەرنەخراوە:

- دیارییەکی بۆ هێناوم، تومەز ئەیەوێ ئاشتم بکاتەوە

- نەم ئەزانی چییە، تومەز سەرمام بووە.

- زۆرم لەدەرگادا ، تومەز لەماڵەوە نین.

لەزمانی کوردیدا هاتنی جووتێ ئامراز لەرستەیەکی ناسادەدا، دیاردەیەکی ئاسایی و

فراوانیشه، ئامرازی (تومەز) و (بۆیە)ش هاتنیان بەیەکەوە لەرستەیەکی ناسادەدا، زۆر بڵاوە:

-تومەز بانگ نەکرابوو، بۆیە نەهاتبوو

- بریە دەنگی نەکرد، تومەز هەڕەشەیان لێکردووە.

ئامرازی (لەگەڵ):

ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، ئەم ئامرازەش بەدەگمەن نەبێ ئەویش لەکارە سەرەتاییەکاندا، ئەگینا ناوی نەبراوە.

ئێستا زمانەکەمان پێمان دەڵێ کە وەك ئامرازێك بۆ لێکدانی رستەکان کار دەکاتو لەرووی واتاییشەوە (کات) دەگەیەنێ:

- لەگەڵ ئەوان دەرکەوتن، ئازاد رایکرد.

کاتێك کە

کە

کاتێ

- لەگەڵ هەواڵتانی زانی، رەنگو رووی کرایەوە

ئامرازی (ئیتر):

ئەمیش یەکێکە لەو ئامرازانەی کە تائێستا هەقی خۆی نەدراوەتێو بەدەگمەن نەبێ بەرەچاو ناکەوێ، ئەمە لەکاتێکدا کە نموونەکانی زمانی ئاخاوتنی ئێستای کوردی پێمان دەڵێ کە ئەم ئامرازە بەکارهێنانێکی فراوانو بەربڵاوی هەیەو لەبەستنی رستەکاندا یەکێکە لە ئامرازە چالاکەکان:

- ئەو بێ دەنگی لێکردوو، ئیتر تۆش بیبڕەرەوە

- ئەو ناوی تۆی نەهێنا، ئیتر منیش قسەم نەکرد

ئامرازی (لەگەڵ ئەوەشدا):

- هەموو دەفتەرەکانی دڕاندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدایە رووی.

- چەندان جار دڵی شکاندووم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر من ئاشتم کردۆتەوە.

تێبینی _١_

لەگەڵ هەموو ئەو ئامرازانەشدا کە باسکرا، هێشتا ژمارەیەك ئامرازی ترمان ماوە، کە ئەرکی لێکدانی رستەکانیان پێ سپێرراوە، کەچی بەهیچ جۆرێك باس نەکراون وەك:

١- (وا):

- وا قیژاندی بەسەرماندا، رۆحی بردین

-وا فێربووە، کەس لێە ناباتەوە

- وا تەریقم کردەوە، قسەی بۆ نەکرا.

٢- (خۆ):

-خۆ تۆ خۆت فەرمووت، من بێ وەفا نیم

- من هەقم نییە بەسەرەوە، خۆ ناوتان نەهێناوم

٣- (هێشتا):

- جارێ دانیشن، هێشتا باران دەبارێ

- خەفەت مەخۆن، هێشتا دنیا کاول نەبووە

٤- (سەرەڕای ئەوەش، وێڕای ئەوەی):

- خۆم قەرزار بووم، سەرەڕای ئەوەش یارمەتیم دا

وێڕای ئەوەش

تۆ هەڵەت بەرامبەر ئەو کردوە، سەرەڕای ئەوەش تۆ گلەیی ئەکەیت

وێڕای ئەوەش

- خۆمان هیچمان پێ نەبوو، سەرەڕای ئەوەش مشوری ئەومان دەخوارد.

وێڕای ئەوەش

٥- بێ ئەوەی:

-بێ ئەوەی هیچی کردبێ، تاوانباریان کرد.

- بێ ئەوەی رازی ببێ، دایان بەشوو.

٦- تەنانەت:

-هەموو کتێبەکانیم خوێندۆتەوە، تەنانەت وتارەکانیشی

- هموو یارییەکانمان دەکرد، تەنانەت ماراسۆنیش

٧- بگرە:

- هیچ پەشیمانی پێوە دیار نەبوو، بگرە زۆر لەخۆشی رازی بوو.

- نەك هەر دڵی نەداینەوە، بگرە قسەیشی لەگەڵ نەکردین.

٨- لەوانەیە:

- لەوانەیە راست بکا، ئەو نەبووبێ.

- زۆی لێ مەکەن، لەوانەیە تووڕە ببێ.

تێبینی -٢-:

لەگەڵ هەموو ئەو ئامرازانەداشدا کە باسکران، هێشتا چەندان دەربڕینی ترمان هەیە کە هاتنەکایەیان دەبێتە مایەی پێکهاتنی رستەی نسادە.

ساجیدە فەرهادی لە نامەی دکتۆراکەیدا کە باسی فراوانکردن(٢٨) دەکات لەرێگەی دەوڵەمەندکردنەوە، هەندێك لەو دەربڕینانەی دیاریکردووە:

(لەهەر شوێنێك، لەهەمان کاتدا، لەوەتەی...)، پێش ئەم کارەش (بکر عمر) لەنامەی ماستەرەکەیدا بەکورتی باسی فراوانکردن و درێژەپێدان و بەهێزکردنی)(٢٩) لەرستەی ناسادەدا کردووە.

- لەهەر شوێنێك بێت، دەیدۆزمەوە.

- لەوەتەی چاوی بەو کچە کەوتووە، ئاگای لەخۆی نەماوە

- بۆ هەر شوێنێك بڕۆیت، لەگەڵت دێم.

ئامرازەکانی (کەوا، گوایە):

هەورامانی (١) (کەوا)ی بە ئامراز داناوە، بەڵام ئیبراهیم عەزیز(٢)، (کەوا) بە ئامراز دانانێت و (کە) لەگەڵ (وا) لەیەك جیا دەکاتەوەو (کە) بە ئامراز دادەنێ و (وا) بە بەشێك لە ئامرازەکە نازانێ. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە، هەرچی پەیوەندی بە ئامرازی (گوایە)وە هەیە، زۆر بە دەگمەن نەبێ ناوی نەهاتووە.

نموونەکان دروستی بۆچوونەکەی (هەورامانی) دەسەلمێنن و ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم دوو ئامرازە رستەکانمان بۆ گرێدەدەن و لەراستیشدا تایبەتن بە شێوازی ناڕاستەوخۆ لەکوردیدا، بۆ نموونە:

- قسەکەی تۆ ئەوە ئەگەیەنێ، کە من هانم دابێ
- ئازاد وتی، من قسەم پێ نەوتووە راستەوخۆ
- ئازاد دەیوت، کەوا ئەو قسەی وای نەکردوە ناڕاستەوخۆ
- ئازاد دەیوت، گوایە ئەو قسەی وای نەکردووە ناڕاستەوخۆ
- ئازاد وتی، دوێنێ لەهەولێر بووم راستەوخۆ
- ئازاد ئەیوت، گوایە دوێنێ لەهەولێر بووە ناڕاستەوخۆ
- ئازاد ئەیوت، کەوا دوێنێ لە هەولێر بووە ناڕاستەوخۆ
- پێی وتم کەوا پاسکلەکەم شکاوە ناڕاستەوخۆ
- ئەو وتویێتی گوایە تۆ پاسکیلکەیت شکاندووە ناڕاستەوخۆ

ئامرازەکانی پرسکردن:

کۆڕی زانیاری(١) (کەی، چۆن)ی وەك ئامراز بۆ لێکدانی رستەکان ناوبردووەو چەند نموونەیەکی بۆ هەر یەکێکیان هێناوەتەوە، بەڵام ئیبراهیم عەزیز، رای وایە کە ئەم ئامرازانە تەنیا بۆ پرسکردن بەکاردێن و ئەرکی بەستن نابینن، هەر لەم بارەیەوە سەبارەت بە ئامرازی (چۆن) دەڵێت "ئەوەی دیارە ئەوەیە، کە (چۆن) بۆ پرسیار دروست کردن راستە ئامرازە، بەڵام بۆ بەستنەوەی دوو رستە بەیەکەوە ئامراز نییە".

ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا، بەوردوبوونەوە لە نموونەکان بەرەو ئەو ئەنجامە چووین کە ئەم ئامرازانە نەك هەر ئامرازی پرسکردنن بەڵکو لەلێکدانی رستەکانیشدا بەشداریدەکەن ئەمەش کارێکی ئاساییە کە کەرەسەیەك لە زماندا دوو ئەرك یان زیاتر ببینێت بۆنموونە ئامرازی (تا) بەشداری لێکدان و پێکهاتنی رستەی شوێنکەوتووی (کاتی)و (مەرجی)و (نیازو مەبەستیش) دەکات:

- تا تۆ لەگەڵیدا شات نەبیتەوە، من سڵاوی لێناکەم مەرجی
- تا چاوم کردەوە، دیار نەمابوو کاتی
- هاتم تا تۆ ببینم نیازو مەبەست

کەواتە بەو پێیە ئاساییە کە ئامرازەکانی پرسکردنسش لەپێکهاتن و لێ:دانی رستەکاندا

بەشداری بکەن:

ئامرازی (کەی):

- کەی تۆ بڕیارت دا من جێبەجێی ئەکەم

- وەڵا نۆ بووی ، کەی من بووم

ئامرازی (چۆن):

دایم سەعی دەکرد، چۆن دەرنەچووە؟

چۆن قسە ناکەم، هەزار ناماقوڵی کرد؟

ئامرازی (کوێڕا):

دوێنێ لەهەولێر بوویت، کوێڕا هاتیتەوە؟

هەمووی تۆزێکە خۆشی کردۆتەوە، کوێڕا دایکردەوە؟

ئامرازی (ئاخۆ):

ئەمە کوڕە گەورەکەی بێ ئاخۆ ئەوانی تری چۆن بن؟

-ئەمە سەرەتاکەیان بێ ئاخۆ کۆتاییەکەیان چۆن بێ؟

-ئەمڕۆ ئاوا بگەیتە لامان ئاخۆ سبەینێ کەی دەگەیت؟

دوێنێ لێرە بوو، ئاخۆ ئەمڕۆ لەکوێ بێ؟

## ئە نجامەکان:

١- بەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێ کە هەریەك لەو کارانەی پێشتر ژمارەیەك ئامرازیان دیاریکردووە، بەڵام هیچ یەکێکیان تەواوی ئامرازەکانیان نەسەلماندووە.

٢- لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەزمانی کوردی بۆ لێکدانی رستەکانی خاوەنی کۆمەڵێك ئامرازی سینتاکسییەو لەم ڕووەوە دەوڵەمەندە.

٣- دیاریکردنی ژمارەیەك ئامرازی سینتاکسی کە لەمەوبەر لەهیچ کارێکدا ناویان نەهاتووەو ئەم کارە لەم بارەیەوە دەسپێشکەرە.

٤- ورد بوونەوە لە هەندێ لەو مۆرفێمانەی کە تائێستا هەقی خۆیان نەدراوەتێ، هەندێك وەك ئامراز ناویان هێناوەو، هەندێکی تر وەك ئامراز لە قەڵەمیان نەداوە، لەم کارەدا هەوڵدراوە لەرێی نموونەکانەوە ئەم جیاوازییە یەکلایی بکرێتەوە.

٥- لەزمانـدا ئاسـاییە کـە مۆرفێمـەکان زیـاتر لـە ئـەرکێك ببیـنن، بـەپێی ئـەو بنەمایـەو نموونەکانیشی ئەوە دەسەلمێنن کە مۆرفێمەکانی پرسکردن (کەی، چۆن، ئاخۆ...) وەك مۆرفێمی لێ:دان، بۆ بەستنی رستەکانیش رۆڵیان هەیەو بەشداری پێکهاتنی ڕستەی ناسادە دەکەن.

## پەراوێزەکان:

١. عیرفان مستەفا، لەنامەی ماستەرەکەیدا بەرامبەر بەزاراوەی ئامراز (واژە گۆکەر)ی بەکارهێناوە، بەپێچەوانەی هەموو کارەکانی پێشوترەوە کە زاراوەی ئامرازەکانی لێکدانیان بەکارهێناوە، ئێمەش لەم کارەدا هەر دوو زاراوەی ئامرازو مرۆفێمە سنتاکسییەکانمان بەکارهێناوە.

٢. بڕوانە نامەی ماستەرەکەی (بکر عمر) و نامەی دکتۆراکەی (رەفیق شوانی)و نامەیّ دکتۆراکەی (ساجیدە عبداللە).

٣. نایف خرما، اچوار علی الدراسات اللغویه المعاصره، ص٢٩٩

٤. نایف خرما، اچوار علی الدراسات اللغویه المعاصره، ص٢٠٠

٥. محمد محوی، رستەسازی کوردی، لا١٣

٦. ئامرازەکانی (ئینجاو ئەوسا) لەکارەکانی، کرودستان موکریانیدا، ناویان نەهاتووە.

٧. ئیبراهیم عەزیز، بە ئامرازێکی گەیەنەری داناوە، بڕوانە هەندیّ ئامرازی سنتاکسی، کوردستانیش، بەلێکدەر، واتە تایبەتیکردووە بەڕستەی لێکدراو، بڕوانە رۆشنبیری نویّ، ژ١٢٨.

٨. کۆڕی زانیاری، باسی ئەم ئامرازەیان نەکردووە.

٩. ئیبراهیم عەزیز، ناوی ئەم دوو ئامرازەی (هەرچەندەو ئەگەرچی) نەهێناوە، بڕوانە، هەندیّ ئامرازی سیناکس.

١٠. لەکارەکانی کوردستان موکریانیدا، باسی ئەم ئامرازانە نەکراوە، بڕوانە سنتاکسی رستەی سادەو رۆشبیری نویّ، ژمارەکانی ، ١١١، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨.

١١. کوردتسان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا، لا ٧٣

١٢. کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی لا ٣٣٤

١٣. ئیبراهیم عەزیز، هەندیّ ئامرازی سنتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، لا١٧

١٤. کوردستان موکرسانی، سیناکسی رستەی سادە، لا٧٣

١٥. ئیبراهیم عەزیز، هەندیّ ئامرازی سیناکسی، لا ٤٩

١٦. دیڤید کریستال، اللغه علماً، (و) سعید الغانمی، لا٢٢

١٧. کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، لا ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨.

١٨. کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، لا ٣٦٧

١٩.  ئیبراهیم عەزیز، هەندێ ئامرازی سینتاکسی، لا٤٩
٢٠.  کۆڕی زانیاری، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، لا٣٤٢
٢١.  ئیبراهیم عەزیز، لا٣٦
٢٢.  کۆڕی زانیاری، لا ٣٤٥-٣٤٦
٢٣.  ئیبراهیم عەزیز، لا ٤٥-٤٦
٢٤.  محمد امین هەورامانی، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی کوردی، لا١٣٩
٢٥.  ئیبراهیم عەزیز، لا ١٣-١٤
٢٦.  کۆڕی زایناری ، لا ٣٧٢، ٣٧٣
٢٧.  ئیبراهیم عەزیز، لا١٤
٢٨.  ساجیده فەرهادی، لا ١٠١
٢٩.  بکر عمر ، لا٣٥-٣٧

## سەرچاوەکان:


١.  ئیبراهیم عەزیز، هەندێ ئامرازی سنتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، ١٩٨٦
٢.  بەکر عومەر، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، ١٩٩٢
٣.  ڕەفیق محمد محیالدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٧
٤.  ساجیده عبدوڵلا فەرهادی، ڕستەو پاش ڕستە، نامەی دکتۆرا، ٢٠٠٣
٥.  عرفان مستەفا حمە رحیم، ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٣
٦.  کوردستان موکریانی، سنتاکسی ڕستەی سادە لەزمانی کرودیدا، بەغدا، ١٩٨٦
٧.  کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦
٨.  محمد محوی، ڕستەسازیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠١


## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١.  نایف خرما، اچوار علی الدراسات اللغویه المعاصره، الکویت، ١٩٧٨
٢.  دیڤید کریستال، اللعه علماً، (و) سعید الغانمی، بغداد، ١٩٨٦


## گۆڤارەکان:


ڕۆشنبیری نوێ، ژمارەکانی، ١١١، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨

## الخلاصة

كما هو موقع القلب في الحسم، تحتل الجملة المكانة ذاتها في اللغة وفي الحقيقة اهتم اللغويون الكرد بعهم النحو وادوات الربط وقد تناولها كثير من الكتي والبحثوت والدراسات الاكاديمية.

ومن المعروف ان ربط الجكل يحتاج الى اداة واللغة الكردية تتضمن مجموعة من هذه الادوات ومع كل هذا الاهتمام لم تزل هذه الادوات غير محددة أو مسماة بالاضافة الى تفاوت الاراء المختلفة حول هذا الشأن.

وما بحثناء هنا هو محاولة لتسمية معظم الادوات وتوضيح البعض منها والتي لم يرد ذكرها كما يتناول الموضوع تحديد بعض ادوات الاستفهام التي تعمل ايضاً كادراة ربط. والله الموفق.

# *Summary*


***The position of the senternsa in a language is knst like that of the heart in a body. In deed kurdish linguists tooj care of the syatax and conjunctions and a lot of books, researche and academic studies dealt with this subject.***

***As it is jnown, linking sentenas needs rhe article, and kurdish language includes a number of articles, but inspite of the attention and care given to this subject, theses articles are not limited yrt or named, in addition to the variation of the different ideas abaut this malter. What we dealt with rigth here, is the try***

***to name most the article and to clarfy (explain) som of them that were not mentiones and inaddition, thn subkect deals with limiting some interrogative articles that stanf for conjnncytions.***